# یەكگرتووی ئیسلامی لە نێو بەرەی سیاسی
# دژ بە پرۆسەی سیاسی عیراق و مافەكانی نەتەوەی كورد

پارێزەر/  هەڵكەوت حیكمەت مەلاعەلی
سوێد.



بێگومان كاتێك كە گفتوگۆ، باس یان نووسین لە سەر هەر جۆرە بابەتێك یان گوتاری سیاسی دەكرێت دەبێت گەڕانەوە یان ئاماژەمان هەبێت بۆ مێژوو و مێژووی سیاسی، چونكە ئەگەر خوێندنەوەمان بۆ ئەم مەسەلەیە نەبێت ئەوا خودی باس كردن لە پرۆسە سیاسیەكەش دووچاری كێماسی دەبێت، هەر لەم سونگەیەوە بە پێویستی دەزانم بەر لەوەی باس لە كرۆكی بابەتەكە بكەم  كە تایبەتە بە یەكگرتووی ئیسلامی و ئەجندای  ئەم پارتە لە خوو بینینەوە لە بەرەیەكی ناتەندروستی سیاسیدا پیم باشە بە شێوەیەكی كورت خوێندنەوەیەك بۆ ڕەوتی سوونە و دەسەڵاتداریەتی سوونەكان بە گشتی بكەم لە عیراقدا چونكە یەكگرتووش خۆی بە یەكێك لە پارێزەرەكانی سوونە دادەنێت.

كاتێك كە دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە سەدەی شازدەهەمدا واتە لە ساڵی 1638 دا بە هێز و تواناێكی سەبازی مەزنەوە پەلاماری عیراق دەدەن و داگیری دەكەن وە بێ گومان عوسمانیەكان لەو سەردەمەدا  هەڵگری گووتاری خۆیان بوون كە ئەویش گوتاری خەلیفە بوون و یەكخستنی خاكی ئومەتی ئیسلامەوە بوو وە یەكەم كاری سوونەكان لەو چركەیەدا بریتی بوو لە بەستنی هاوپەیمانی لە تەك عوسمانیە توركەكاندا بۆ ئەوەی جۆرێك لە دەسەڵات و هێزیان هەبێت لە عیراقی ئەو كاتەدا ئەمە لە كاتێكدا كە دەبوایە سوونەكان لە بری هاوپەیمانی كردن و دەستخستنە ناودەستی دەسەڵاتی عوسمانیەكان بەرگریان لە عیراق و ناسنامەی ئەو كاتی عیراقیان بكردایە كە ئەركێكی نیشتمانی و ئەخلاقی بوو لەو سەردەمەدا، بەڵام سوونەكان چاوپۆشیان لە هەموو ئەو بەهایانە كرد بەرامبەر بە وەرگرتنی پۆست و پارەو دەسەڵات.

ئەم جۆرە هەڵویستە وهاوپەیمان بەستنەی سوونەكانی عیراق لە تەك عوسمانیەكاندا پێویستیەكی زۆر گرنگ بوو بۆ دەسەڵاتی توركانی عوسمانی بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەكی چڕترو بەرفراوانتر سەركووتی شیعەكانی ئەو كاتی عیراق بكەن، هەر بوویە لەو كاتەوە تا بە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە لایەن دەسەڵاتی ئینگلیزەكان لە ساڵی 1921 دا سوونەكان هەمیشە خاوەن هێز و دەسەڵات بوون وە ئەم جۆرە لە خاوەنداریەتی بوونی دەسەڵاتیان لە ڕیگەیەكی تەندروست یان شەرعیەوە نەبووە بەڵكو بە پیچەوانەوە بووە.هەبوونی دەسەڵات و هێزی سوونی تەنانەت لە سەردەمی داگیر كردنی عیراق لە لایەن بەریتانیەكانەوە دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی كاتێك داگیركاری بەریتانی لەو قۆناخەدا واتە لە ساڵی 1914 دا كە هێرشی بۆ سەر عیراقی ئەو كات هێنا ڕووبەڕووی بەرگری شیعەكان بوونەوە لە بەشی باشووردا بە شێوەیەك كە ئەم جەنگە ماوەی سێ ساڵ درێژەی كێشا تاوەكو لە كۆتاییدا بەریتانیەكان توانیان لە ساڵی

1917 واته پاش سێ ساڵ عیراقی ئەو کات داگیر بکەن.

پاش دامەزراندنی عیراق و هاتنی فەیسەڵی یەکەم بۆ سەر پۆستی دەسەڵاتداریەتی پرۆسەی چەوسانەوەو گرتن و کوشتن و گوند خاپوور کردن و قەتل و عام کردنی نەتەوەی کورد و هاوڵاتیانی کورد دەستی پێکرد، ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو تا هاتنی سەددام و ڕژێمەکەی کە بە پۆست سوونە ناسراوە بۆ سەر حوکم و تا ئەو ساتەی کە رژێمی بەعسی سەددام لە گۆڕنرا.گومان لەوەدا نیە کە کورد و شیعە ڕێژەی زۆرینەی دانیشتوانی عیراق پێکدەهێنن وە هەر دوو لاش خاوەن مێژوویەکی دورودرێژی چەوسانەوەن وە بەرپرسیارەتی یەکەمی ئەم چەوسانەوەیەش کەمینەی سوونەن.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە عیراق جۆرەها سەرۆك و سیستەمی تۆتالیتاری بە خووە بینی چەندان پارتی سیاسی بزوتنەوەی سیاسی چ دیموکراتی و کۆمەنیستی یان ئیسلامی دروست بوون و سەریان هەڵدا یەك لەو بزوتنەوانە یان ئەو ڕەوتانە ئیخوان موسلمین واتە برایانی موسولمان بوو ئەگەرچی ئەم ڕەوتە ناوەند و هێزی سەرەکیان لە وولاتی میسر بوو چونکە ئەم بزوتنەوەیە لەو وولاتەدا دروست بوو وە هەر لەویشەوە هەوڵی بلاوکردنەوەی ئایدولۆژیەتی برایانی موسولمانیان دەدا بۆ وولاتانی دیکە، هەروەها سەبارەت بە کوردستان لە سالی 1952 دا موحەمەد مەحمود سەواف کە دامەزرینەری ئیسلامی سیاسی سوونەیە لە عیراقدا دەگاتە کوردستان و لە هەڵەبجە یەکەم بزوتنەوەی یان خیزانی ئیسلامی سیاسی دادەمەزرێنێت ئەمە لە کاتیکدا بوو کە لەو سەردەمەدا لە ژیر چەتری فەرمانڕەوایی پاشایەتیدا ئاسانکاری بۆ ئەم جۆرە لە بزوتنەوانەو ئایدولۆژیانە دەکرا لە سەر بنەمای ئەوەی کە بەرهەڵستکاری ئەو پارتانە بکات کە هەڵگری پەیام و دۆزیکی نەتەوەی بوون لە نێو ئەو نەتەوانەدا نەتەوەی کورد بە یەکێك لەوان هاتەبووە ژماردن کە دەبیت بەرهەڵستکاری بکریت و لە دەژی بوەستن، بەرنامەو ئایدیای ئەوەان لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە هەرگیز ئامادە نەبوون کە ئیعتراف بە ناوی کوردستان و سروودی ئەی ڕەقیب و کوردایەتی و ئالای کوردستان و مەدەنیەت و سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن بەڵکو نەك تەنها دانیان بەم مافە حەقانەدا نەدەنا بەڵکو زۆر جار لە خانەی کوفردا دایان دەنا، ئەم بزوتنەوەیە لە پەنجا کانەوە تاکو سەرەتای هەشتاکان بەم شێوەیە ڕەفتار و سیاسەت یان کرد بەلام لە سەرەتای نەوەدەکانەوە پاش ئەوەی ئەم ڕیکخراوە بۆی دەرکەوت کە لە سەر ئاستی جیهان بە گشتی و عیراق بە تایبەتی ئەو پرۆژە سیاسیە ئەنتەرناسیۆناڵەی کە هەڵگری بوو شکستی هێنا، بوویە ئەم جارەیان لە ژێر ناویکی تازەو پرۆگرامیکی تازەدا کە لە ساڵی 1994 ئەم بزوتنەوەیە خۆی وەك پارتیکی سیاسی لە کوردستاندا بوونی خۆیان ڕاگەیاند بە نێوی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.ئەو ڕەوتە هەتاوەکو پێش ناساندنی خۆیان وەك پارتێکی سیاسی ئیسلامی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە کە کورد دەچەوسیندرایەوە و قەتل وعام دەکراو گوندەکانی خاپوور دەکرا ئەنفال و کیماباران کرا لە ژێر سێبەری پۆست سوونەدا ئەم بزوتنەوە بۆ جاریکیش وەك ئەرکیکی ئەخلاقی و ئایینی ئیدانەی هیچ جۆرە لەو کردەوانەیان نەکرد.

ئیستا هەوڵدەدەم کە باس لە کرۆکی بابەتەکە بکەم کە خۆی لەو بەرە سیاسیە دەبینیتەوە کە دەژی

پرۆسەی سیاسی هەڵبژێردراویی عیراق و مافەکانی نەتەوەی کورد و بەشداری کردنی یەکگرتووی ئیسلامی وەك پارتیکی سیاسی ئیسلامی کوردی هەروەها بەشداری کردنەکەش لە سەر ئاستی ئەمینداری پارتەکەو مەکتەب سیاسیەکەیەتی،پاش ئەوەی پۆختەی کۆنوسی پێکهێنانی بەرە سیاسیەکەم خوێندەوە بە باشیم زانی کە باس لە هەندێ لەو خاڵانەبکەم کە بووەتە پرەنسیپی و سیاسەتی بەرەکە،

لە دەسپێکدا ئەو بەرە سیاسیە بە هیچ جۆریك ئاماژە بە کرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی سەر هەرێمی کوردستان نەکردەوە وەك ئەوەی نە شاریك بە نێوی کرکوك وە هەبیت وە نە ناوچەیەکی زەوتکراویش کە ئەمە ڕاستەوخۆ دەژی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەیەکە کە چەندان ساڵە زوڵمی لێ دەکریت و دەچەوسێندریتەوە،

لە خاڵی دووەمی پرەنسیپەکانی بەرەکەدا باس لە ریشەکێش کردنی توند وتێژی دەکریت وەك ئەوەی بەشداربووانی ئەو بەرەیە بە تایبەتی هەندێکیان دەستیان نەبیت لەو توندو تێژی و تیرۆرە کە ڕۆژانە بە دەیان هاوڵاتی بێ تاوان دەبنە قوربانی، سەرانی ئەو بەرەیە خۆیان دەستیان هەیەو دەستیان سوورە بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەو وولاتە، ئەوەانە دەبیت پێش هەموو کەسێك خۆیان پاك بکەنەوەو پارتەکانیان لە تیرۆرستان چەتەکان پاك بکەنەوە.

خاڵی سێهەمی پرنسیپەکان و خاڵی نۆیەمی سیاسەتی بەرەکە کە زۆر جێ شەرمەزارییە بۆ سەرانی ئەو بەرەیە ئەوەیە باس لە دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆیی عیراقدا دەکەن ئەی بۆ لە خۆیان ناپرسن کە کەمینەی پۆست سوونە بە درێژایی مێژوو وە هەموو ئەو ساڵانە کە خۆیان دەسەڵاتدارو هەمە کارە بوون تا دەگاتە ساڵی 2003 یش دەستیان لە نێو دەستی دەرەوەدا بوو بۆ سەرکووت کردنی ناوەوە کە خۆی لە زۆرینەی شیعەو کوردا دەبینیەوە دەڵیت پۆست سوونەکان ئەمانەیان لە بیر چووەتەوە.هەر چەندە ئیمەی کورد هەر دەم دەژی هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی بووین بە تایبەتی وولاتانی دراوسێی عیراق.

لە خاڵی دەیەمدا پاش ئەوەی باس لە دەوڵەتێکی فرەیی دەکات لە عیراقدا لە هەمان کاتدا دەڵیت ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی فیدراڵیەتی کوردستان، بەڵام ئەوان باس لە کام فیدراڵیەت دەکەن ئەو فیدراڵیەتەی کە کرکوك و ناوچەکانی تری وەکو مەخموورو شنگارە خانەقین وهتد تیدا نەبێت، یان ئەو فیدراڵیەی کە لە قاڵب بدرێت و دەسەڵاتەکانی کەم بکرێتەوە وە بە پیچەوانەشەوە دەسەڵاتی ناوەند بە هێز بکرێت.لە حاڵەتەشدا سوونەکان جاریکی تر دەیانەویت دەسەلاتێکی تۆتالیتاریانەی وەك ڕابردوویان هەبێت.

لە خاڵی یازدەدا باس لە پاراستنی شوناسی عەرەبی و ئیسلامی دەکات لەمەشیاندا سوونەکان یان سەرانی ئەو بەرە ناتەندروستە دەیانەویت جاریکی تر عیراق بە زۆر بە عەرەبینن و ئیسلامیزەی بکەن بێ ئەوەی بگەڕینەوە بۆ ڕای جەماوەرە سەندوقەکانی دەنگدان.لەم خاڵەیاندا بەڕێز ماموستا سەلاحەدین مەحەمەد لەوانەیە بە ڕێژەیی لە سەدا سەد لە گەڵ ئەم بیرۆکەیەدا بیت چونکە بەڕێزیان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیونیدا لە کەناڵی الجزیرەدا لە بەرواری 9 / 10/ 2005 زۆر بە ڕاشکاوانە لە بری ئەوەی باس لە

کوردایەتی و مافەنەتەوەیەکانی کورد بکات باس لە بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە دەکات ئەمەش بێگومان هەر بۆ ڕازی کردنی دڵی ووڵاتانی خەلیجە و بەس.

لە خاڵی شەشەمی سیاسەتەکانی بەرە ئاماژە بە هەموار کردنی ئەو یاسایانە دەکات کە بە حسابی ئەوان قۆناخی داگیرکردنی عیراق هەروەها سەندنەوەی ناحەقیەکانیش، پۆست سوونەکان لە بەر ئەوەی ڕۆخاندنی ڕژێمی دیکتاتوری سەدام لە بەرژەوەندیاندا نەبوو وە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە لە ربردوودا لە سەر بنەمایەکی ناتەندروست و ناشەرعی و زۆڵم وزۆرەوە هەیان بوو ئەگەر چی پیدانی ئەو دەسەڵاتەش لە لایەن دەوڵەتانەداگیر کەرەوە بوو بیت کیشە نەبووە وە بگرەش بە ڕەوایان داناوە بۆ خۆیان بەڵام ئەمرۆکە بۆ خەڵکانی دیکە نارەوایە.جێ پرسیارە یەکگرتووی ئیسلامی بەشداری و واژوی بەیانیك دەکات کە یاسای ریشەکێش کردنی بەعس بە ناڕەوا دەزانیت ئەو بەعسەی کە هیچ شتێکی خراپ نەما بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و ڕۆڵەکانی نەکات، خانەوادە نیە لە کوردوستاندا بە دەست ئەو رژێمەوە ئاوارە و دەربەدەر ئەشکەنجە و چەوسانەوە نەبینیبێت، یان خود دەژی هەڵوەشاندنەوەی سوپا مەلهوڕە سوونەیەکی بەعس بێت کە گوندو شارو شاروچکەی کوردستان نەما پۆستاڵی رەشی ئەو خۆینرژانە تێنەچووبێت، دەڵیت لە بیرتان چووەتەوە هەر ئەو سوپایە بوو کە گوندەکانی دەسوتاندو خەڵکەکەشی ڕەوانەی ئوردوگا زۆرەملەکان دەکرد، ئەلێت لە بیرتان چووەتەوە هەر ئەو دەزگا موخابەراتەی بەعس بوو کە باوکی من هەزاران باوکی ڕۆڵی کوردی تری لە سەر کوردایەتی و پارتایەتی راپیچی زیندانە سەردابەکانی دەکرد و هەڵی دەواسین و ئەشکەنجەی دەدان وە زۆریان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهێد دەبوون.لە بیرتان چووەتەوە لە سایەی ئەو سوپایەو دەزگای موخابەراتی بەعسدا بە هەزاران خانەوادەی وەك ئیمە بەرەو ووڵاتی دوور لە نیشتمان کۆچ مان کرد و بە دەیان ساڵ لە ئاوارەیی و نەداریی ژێر چادردا ژیانمان بە سەر برد بەڵام هەرگیز ئامادە نەبووین بۆ ساتیکێش سەر بۆ دوژمنانی کورد دانەوینین.

گومان لەوەدا نیە کە یەکگرتووی ئیسلامی پێش بەشدار بوون و رۆشتنیان بۆ قاهیرە وە بۆ گفتوگۆ کردن و پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لەو جۆرە کە تایبەت بێت بە پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا ناکریت بڵێت ئیمە بێ ئاگابووین لە چونیەتی بەشداری کردنی لایەنەکانی دیکە چونکە ئەمرۆ دونیای سیاسەت گۆڕاوەو زۆر لە مەسەلەکان ئاشکرایە بەر لەوەی خودی کونفراسەکە یان کۆبونەوەکە دەست پێبکات، چونکە بەستنی هەر کۆنفرانسێك یان کۆبونەوەیەك بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لەو جۆرە لە پێشتردا ئامادەکاری و بەرنامەڕێژی بۆکراوە، خۆ ئەگەر تەئکید لە بێ ئاگایتان لەو مەسەلەیە بکەن ئەوا ئەمەشیان هەر جێ پرسیارە چونکە ناکریت پارتیکی سیاسی کە بانگهێشت کرابێت بۆ مەسەلەیەکی ئاوەها خۆیندنەوەی بۆ ئەجندای ئەو بابەتە نەکردەبێت، ئەمە لە روویەك لە روویەکی ترەوە پاش بەشداربوونتان لەو بەرەیەدا ئەگەر خاڵ و سیاسەتەکانی ئەو بەرە سیاسیەتان لا پەسەند نەبوو دەتانتوانی پاش کۆبونەوەکە بە بەیاننامەیەك نارەزای خۆتان لە پرۆسەکەو سیاسەتەکانی دەربرن وە کشانەوەی خۆتان ڕابگەیاندایە،

چونکە ئیستا زیاتر لە ماوەی مانگێك بە سەر پێکهێنانی ئەو بەرە سیاسیەدا تێپەڕبووە وە دەرکردنی هەر

جۆره بەیاننامەکەیەك لە کاتی ئیستادا جگە لە خۆشاردنەوە لە راستیەکان و چەواشەکردنی هاوڵاتیانی کوردستان شتێکی زیاتر ناگەیەنی.بەشداربووانی ئەو بەرە سیاسیە وا تەماشا دەکرین کە هێشتاوەکو کاڵن لە سیاسەستدا بە تایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی کە لە یەك کاتدا هەم هاوبەش و بەشدارە لە حکومەتی کوردوستاندا وە لە هەمان کاتیشدا دەوری ئۆپۆزسیۆن دەبینێت وە ئەم جۆرە لە سیاسەت کردنە تەنها لە فەرهەنگی سیاسی هەندێ پارت و گروپدا هەیە کە بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات یان وەرگرتنی بڕە پارە ئەم جۆرە سیاسەتە پەیڕو دەکەن واتە سیاسەتی موجامەلە یان خود نیفاق لە سیاسەتدا کە ئەمەش کاریگەری نیگەتیفی خۆی لە سەر رەفتار و ئەخلاقی سیاسی ئەو لایەنە یان پارتە بە جێدەهێڵێت.